پلاسخارت: حکومەتی ئەستای عێراق وەرچەرخانێکی لە بوارەکانی ئەمنی و خزمەتگوزاریدا ئەنجامداوە

نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، جینین پلاشارت، ئەمە سەشەمە، دووپاتیکردەوە کە حکومەتی ئەستای عێراق وەرچەرخانێکی ئەرێنی لە بوارەکانی ئاسایش و خزمەتگوزاریدا ئەنجامداوە.

لەراگەیەندراوەکدا لە نووسینگەی هاگیاندنی هاوژکاری ئاسایشی نیشتمانیدا هاتووە" قاسم عەرەجی هاوژکاری ئاسایشی نیشتمانی لە نووسینگەکەی خۆی پشوازی لە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، جینین پلاسخارت کرد.

هەروەها وتی" لە کۆبوونەوەکدا باسکرا لە دوایین پێشهاتە سیاسی و ئەمنییەکانی ناوچەکە، هەروەها مەلەفی کەمپی ئەلهەی سوریا و گرنگی هەوشاندنەوەی، بەهۆی ئەو مەترسییەی کە لەسەر عێراق و ناوچەکە دروستی دەکات لەگەڵ پێویستی هەماهەنگی لە نێوان ڕەکخراوی پێنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەسەڵاتدارانی عێراقی پەیوەندیدارە بەم پرسەوە".

ئەعەرەجی جەختی لێوە کردەوە" کەنەتەوە یەکگرتووەکان وپەسارەکی نوودوەتییە کە دەتوانرێت هاوکار بێت بە بەرژەوەندی عێراق و هاوکاریکردن لە پرسە مرۆییەکان، وتی" بەرنامەی حکومەت چەندین بۆگەی لەخۆگرتبوو کە دەبەتە هۆی بەدیهێنانی یەکگرتوویی کەمەایەتی و ئاسایشی بەردەوام".

لەلای خۆیەوە پلاسخارت ئاماژەی بەوەدا کەعێراق ئەمە جیاوازە لە عێراق پێنج ساڵ لەمەوبەر، جەختی

لەو کردەو کە حکومەتی ئەستا وەرچەرخانێکی ئەرێنی لە بوارەکانی ئاسایش و خزمەتگوزارییەکاندا ئەنجامداو، هەروەها نوێنەرایەتی نەتەو یەکگرتووەکان بەردەوام لە پشتیوانیکردنی و کارکردنی هاوبەشی بەردەوام بە هاوکاری بنیاتنەر کە خزمەت بە پرسەکانی عەراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکات.